# باوەژن لە سایەی ڕێکخراوەکانی ژنان و مافی مرۆڤدا!

گەیشتنە یەک و یەکتریان ناسی، بەدوورو درێژی قسەیان لەگەڵ یەکتردا کرد، کاتی دیکەشیان دیاری کرد بۆ قسەکردن لەسەر ئەو مەسەلانەی کە لەیەکەم دانیشتندا چارەنەکران، هەر یەکەیان ڕاوێژی خۆیان کرد لەگەڵ کەس و کارەکانیان، پاشان هەموو لایەک ڕازی بوون و لەسەری ڕێک کەوتن. دوای چەند هەفتەیەک ئاهەنگی خۆیان کرد. ئەمە سەرەتای چیرۆکێکی نوێی ژیانی نێوان پیاوێک و گەورە کچێکە کە ڕەنگە سەدان حاڵەتی لەو جۆرە لەم لاو ئەولای ئەم وولاتە و دونیادا هەبێ.

پیاوێک کە چەند منداڵێکی هەبێ و هاوسەرەکەی نەمابێ، ئافرەتێکیش تەمەنی چووبێتە پێش و پێویستی بە شووکردن بێ دوای گفتوگۆیەکی دوور و درێژ لەماوەی چەند مانگێکدا گەیشتوون بەو ئامانجەی کە ئافرەتەکە دەبێتە دایکی منداڵەکان و ئەو کەلێنەی کە کەوتۆتە نێو خێزانەکەیەوە بۆی پڕ دەکاتەوە، ئەمە نەک دوای گفتوگۆکانی ئەو ماوەیە بەڵکو هەر لەیەکەم دانیشتن و قسەدا ئەوە ڕای کچەکەبووە، چونکە ئەو بەهۆی تەمەنی یەوە شارەزایی خێزان بەخێوکردنی هەبووە، ئەمە سەرەڕای، خوێندەواری و هۆشیاریەکی باش، بەڵام دیارە مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئاوات و مەرامەکانی خۆی زۆر جار تاکتیکی وا بەکاردێنێ بۆ بڕوا پێکردنی بەرامبەرەکەی کە تەواو سەرنجی دەوروبەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ و لە بەرژەوەندی خۆی کۆتایی بە مەسەلەکە دێنێ. لەم ماوەیەی ڕابردوودا لە چەندەها کەناڵی ڕاگەیاندنی جیاوازەوە کۆمەڵێ ڕووداوی ڕاستەقینەی نێوان باوەژنان و ماکانی پیاوەکانیان خرایە ڕوو کە بەڕاستی شایانی ئەوەیە زۆریش هەڵدەگرێ کە دەیان لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لەسەر بکرێ و دواتر ڕێگا چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە، چ چارەسەری سەرەتایی پێش هاوسەری بێت یان چارەسەری بەردەوامی ئەو ژیانە. پێویستە سەرجەم لایەنە یاسایی و حکومی و ئایینی و ڕێکخراوە مەدەنیەکان بگەن بە ئەنجامێک جۆرە یاسا و ڕێسایەک دابنێن کە چارەسەری بنەرەتی ئەو کێشەیە بکات. تەنانەت ئەگەر بە هاوکاری مادی و شوێنی جیاوازی نیشتەجێ بوون بێ یان بەدانانی سیستەمێکی نوێی بەخێوکردنی ئەو منالانە بێت کەبەدەست باوەژن و باوکی خراپەوە دەناڵێنن. ئەو ڕووداوانەی کە نیشان دوان و چەند باوەژنێک پێی هەڵساون بەرامبەر بەو منداڵە بێ تاوانانە نەک هەر نیشانەی دڕندایەتییە بەڵکو نیشانەی بێ ڕێزی و پێشێلیکی تەواوە بەرامبەر بە مافەکانی منداڵ کە چەندەها ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆیان هەیە لە نەتەوەیەکگرتوەکان و مافەکانیانی دیاری کردووە. بێ ڕێزی و چەوسانەوەی منداڵ ئیهانەکردنی سەرجەم مرۆڤایەتییە لەهەر ئایدیا و فەلسەفەیەک بێت. چ جای ئەوەی کە ئەوە باوەژنە پێشتر بۆخۆی ڕازی بووبێت بەو پیاوە و ژیانی ماڵەکەی شارەزا بوو بێت. ئەمە خاڵێکی زۆر لاوازی ڕێکخراوەکانی ژنانە کە تائێستا نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی زانستی چارەسەرێکی بنەرەتی بۆ بدۆزنەوە، لای ئەوان تەنیا باس باسی مافی ژنان و ئازادی بوونیانە لە کۆت و زنجیری و زیندانی خێزانەکانیان وەکو ئەوەی ژنان لەڕەوتی کۆمەڵگە مەدەنی دواکەوتبێتن و تەنیا خێر و بێری دنیای دیموکراتی بۆ پیاوان بێت. بەندە وەکو نوسەری ئەم بابەتە کورتە کە خۆم بە کەسێکی سەرسەختی ڕێگای ڕزگای مرۆڤایەتی و چەسپاندنی مافی سەجەم چین و توێژەکان دەزانم گلەیی تەواوم هەیە لەو بێ توانایییەی کە سەرجەم ڕێکخراوەکانی ژنان و منداڵانی گرتۆتەوە لەو بوارەدا. پێدانی مافی ژنان نیشانەی پێش کەوتنی کۆمەڵگەیە، بەڵام کوشتن و چەوسانەوەی منالانیش بەو شێوازە دڕندەییە نیشانەیەکی ناشیرین و نامرۆڤایەتییە بە نێوچەوانی ئەو باوەژنانەی کەلە لەسەر موڵکی ژنان حساب دەکرێت کە هەقە سەرەتا سەرجەم ڕێکخراوە ژنانەکان و مرۆڤ دۆستەکان ئەو کارانە ڕسیواو شەرمەزار بکەن و دواتر چارەسەرێکی وا دابنێن بۆ ئەو کێشەیە کە ئەو ناوە ڕەشو ناخۆشەی(باوەژن) کە بە درێژایی مێژوو خەڵک بە گشتی و منالان بە تایبەتی لێی دەترسن جوان و شیرین بکەن. دیارە ئەگەر ئەوە بکرێ بە ئامانج و مەبەست چارەسەری هەر بۆ دەدۆزرێتەوە، چونکە شتێک نییە لە کۆمەڵگەدا لەدەرەوەی مەودای مێشک و هەوڵەکانی مرۆڤ بێت.

ژنان کاتێک باس لە مافی خۆیان و هاوڕەگەزانیان دەکەن، دەبێ مافەکانی منداڵەکانی پیاوەکانیشیان لەبەرچاو بگرن و بیانپارێزن، ئەو ژنانەی کە مافی منداڵی شووەکەی ژێر پێ دەخات و دەیچەوسێنێتەوە، تاوانبارەو دەبێ سزا بدرێ.

**ن. کەریم**



# شیعری بێ نوختە

من زۆر بەسەر سامیەوە دەربارەی ئەم شیعرە نایابە ئەدوێم. لەبەر ئەوەی هونەرێکی سەرکەوتووی شیعری تێدایەە کە لە مێژووی ئەدەبی کورددا تائێستا هیچ شاعیرێک نەیتوانیوە بەو جوانییە شیعر بهەنێتەوە بە بێ بەکارهێنانی نوختە، ئەمە جگە لە هەبوونی کێش و سەروایێکی جوان. جگە لە هەبوونی مانایەک یان بابڵێین دەربرینی هەستێکی خۆشی دەربارەی ڕۆژێک کە بۆ یەکەم جار ئالای حکومەتی کوردی بە رابەرایەتی ثێشەوا قازی محەمەد هەڵکرا. دیارە لەم هۆنراوەیەدا شاعیر بەجۆرێک باس لە خۆشحالی خۆی بەرانبەر بەو رۆژە مێژوویە دەکات کە نەیتوانیوە بەتەنها شیعرێکی ئاسایی یان بەتەنها چەند وشەیەکی کاتی هەڵوێستی خۆی دەرببرێت بەڵکو بە شیعرێک و بە هێنانە کایەی هونەرێکی نوێی نووسین خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕیت. بەداخەوە وەکو پێویست ئاوڕ لە [قانع]ی شاعیری چەوساوەی کورد نەدراوەتەوە . سەیر لەوەدایە کە ئێمەی پیاو تەنها گرنگی یاخود هۆگری شیعرێکین کە تەنها باس لە ئافرەت بکا یان ئێمە تەنها شیعری شاعیرێک دەخوێنینەوە کە باس لە دڵداری یان پیاهەڵدانەکانی رەگەزی بەرانبەر [مێ] بکات. بەتایبەت گەنجانمان ئەگەر لێیان بپرسی [شیعری بێ نوختە لە وێژەی کورددا هەیە} لەوانەیە گاڵتەشی پێنەیەت و بڵێ "کە دەتوانێت تەنها دوو دێڕ بنوسێت کە مانایەکی هەبێت جا نەخواستە شیعري بێ نوختە" کەچی لێشیان بپرسە بۆ تەنها شیعرێکی دڵداری هەزارەها شیعرت بۆ دەڵێ .خۆزگە کوڕە گەنجەکانمان ئەوەندەی بە بیرکردنەوە لە ئافرەت کاتیان بەسەر دەبەن ئەوەندەش بیریان لە بەرەو ثێشچونی کولتورو ڕۆشنبیری کوردی دەکردەوە. ڕاستە رەگەزی بەرانبەر[مێ] تەواوکەری رەگەزەکەی ترە کە تەواو پێویستە گرنگی پێبدرێ، بەڵام دەبێ ئاگاداری سنوورمان بین. نابێت سنوور بشکێنین. ناشبێت کۆی هەموو کاتەکانمان تەنها بە بیرکردنەوە لە ئافرەت و هەندێ شتی پڕو پوچی تر بەسەر بەرین. بەو هیوایەی خوێنەری ئازیز بە هەڵە لە پەیڤەکانم نەگات. چونکە بە بڕوای من مرۆڤ پێویستە خۆی بناسێت لە پاشان بگەڕێت یاخود هەوڵبدا بۆ تێگەیشتن لە کەسی بەرانبەر. قانع ئەم شیعرەی وەکو نامەیەک هەروەها وەکو مژدەیەک ناردوە بۆ بێکەسی شاعیری هاوڕێ. لەساڵی ١٩٤٦ز کە بۆ یەکەمجار ئالای کۆماری کوردستان لە شاری مەهابات بۆ یەکەم جار هەڵکرا

کاکە سەلامم لەهاودڵدارم
لەمام و کەس و گەورەو
سەردارم
لەدوای سلسلەی دوعاو
سەلامم
هاو دڵ گۆرە سا لەکەلامم
ئەلحەمدو للا ئاڵا هەڵکرا
ماوەی دەردی دڵ ئەمڕۆکە درا
سوئال گەر ئەکەی لە مڵک و
ماڵم
لەسەر مەرامە حال و ئەحوالم
لاوی دڵگرمم سادری وەرەلام
سەرکەوە کەم کەم روو لەروی
مەرام
روکەرە رەاسی داسی ئالای
سوور
درەوکە عەدووی لارو هار لە
دوور
ئەگەر لەمامی لارم سام
ئەکەی
هەڵسە هەراکە لە مەرام
ئەگەی
ئەو هەر عەدووی رۆح گرۆی
سەلامە
هەر لەدرۆدا سەرداری عامە
کاکە ئەم ئاڵا مەرهەمی دەردە
مەرهەمی لاوی دڵسرو سەردە
هەرکەس لەهەرلا ورو
سەرسامە
راکە ئەم ئاڵا کۆگای مەرامە
**شکار**

# کێشەکانی گەنج لەم سەردەمەدا

لەم سەردەمەدا گەنجەکانی ئێمە روبەڕووی هەندێک کێشە و گرفت بوونەتەوە کە گەر ڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان نەدۆزرێتەوە، بێگومان کۆمەڵگەکەمان بەرەو خراپتر و هەڵدێرتر دەڕوات.

**گومانی گەنج لە داهاتوو:**

گەر ئێمە ڕووبکەینە بازاڕ یان ئەو شوێنانەی کە گەنجی لێیە و لەگەڵیان بینە ئاخاوتن و پرسیاری داهاتوویان لێ بکەین، زۆربەیان بەگومانەوە لە داهاتوو دەدوێن و دەڵێن: ئایا فێرخواز دەتوانێت درێژە بەخوێندنی بدات بەم گرانییەی کە هەیە؟ئایا پاش تەواو کردنی خوێندن چە گەرنتییەک هەیە بۆ دامەزراندنیان؟گەنجی ئەوڕوە هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی کار و ئیش، بەڵام کار نییە!لەم کاتەدایە کە گەنج بۆ بەدەست هێنانی پارە و بەجێ گەیاندنی ئاواتەکانی پەنا بۆ جێبەجێکردنی کاری خراپ دەدات و تووشی هەڵە دەبێت.گەنج پێویستی بەژیان و بژێوە، هیوا و ئاواتی هەیە، ئاواتی پێکهێنانی خێزانی هەیە، لەم کاتەدا ئایا گەنجێک دەتوانێت بەبڕە پارەیەکی کەم کە بەشی کڕینی جلوبەرگی خۆی ناکات، ژیان پێک بهێنێت؟



بەرپرسانی کورد تازە بیر لەوە دەکەنەوە کە ساڵانە دەبێت ٧٥%ی بودجەی هەرێمی کوردستان بەکارمەندانی حکومەت بدرێت و بەشێوازێک لە میدیاکانەوە باسی دەکەن وەک بڵێی ئەم کەسانە لە وڵاتێکی تر هاتوون و دەیانەوێت پارەی ئەو گەلە وەک کەسانێک هەڵمژن وخێریان پێدەکەن.

بەرپرسەکان دەبێت ئەوە بزانن کە منداڵێک لەدایک دەبێت، بەمانای ئەوەیە کە ئەو مرۆڤە داهاتووی دەوێت و دەبێت ژیانی ئەو و هەزارانی وەک ئەو دابین بکرێت.

با ئێمە تەنیا بەشێوازی فورمالیتە هەڵسوکەوتی وڵاتانی پێشکەوتو نەگرینە بەر و چاومان بکەینەوە تاکو ڕاستییەکان ببینین، بۆ نموونە بەڕێوەبردنی سیستەمی پەروەردەی سۆئێد لە وڵاتی ئێمە جگە لە بێزار کردنی فێرخواز لە خوێندن هیچی تری نییە و دەبێت بەپێی ئەو بڕە کارەبا و پێداویستیانەی کە هەن لە منداڵ و گەنجەکان چاوەڕوانی بکرێت.

بەڵام گەنجەکانیش بۆ ئەوەی بتوانن بەشوێنی خۆیان بگەن، دەبێت زیاتر هەوڵ بدەن و هەنگاو خۆیان بەشوێنی مەبەست بگەیەنن، ڕاستە منداڵی بەرپرسەکان بە پارەیەکی زۆر مامۆستا و شوێنی تایبەتیان بۆ دابین دەکرێت، بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی کە بەردەوام ڕۆڵەی هەژار توانیەتی خۆی بەشوێنی بەرز بگەیەنێت، چونکە ئەو کاتەی منداڵی بەرپرسەکان لە مەلەوانگەو یاریگاکان خەریکی یاریکردنن، منداڵی هەژارەکان خەریکی فرۆشتنی گوڵەبەڕۆژە و پاکەتە جگەرەن، گەر هەندێک هەوڵبدەن و ئەو ڕۆژانە لەبیر نەکەن دەتوانن خۆیان بەرز بکەنەوە و بگەنە ئاستی دڵخوازی خۆیان، بەڵام بەمەرجێک سەردەکەون کە دەرد و ئازاری گەلەکەیان لەبیر نەکەن و بە ئازاری خۆیانی بزانن.

**چۆن کێشەی گەنج کۆتایی دێت؟**

مرۆڤ لە قۆناغی گەنجیدا دەچێتە ناو ژیانێکی نوێ و ڕووبەڕووی ڕاستییەکان دەبێتەوە، بۆیە لێرەوە گەنج لەم قۆناغەدا زیاتر تووشی کێشە دەبێتەوە، بەشێوەیەک ناتوانێت بەتەنیا بەسەر ئەو کێشانە تێپەڕێت، بەڵکو پێویستی بەپێشاندەرێک هەیە بۆ یارمەتیدانی لە ڕووی بیرکردنەوە.

لێرەدا بنەماڵە، حکومەت و ڕێکخراوەکان بەرپرسیارن لە یارمەتیدانی گەنجان و دەبێت ڕێگایان پیشان بدەن.دایک و باوک دەبێت یارمەتیان بدەن و هەوڵبدەن کێشەکانی تایبەت بەمنداڵەکانیان چارەسەر بکەن.حکومەتیش دەبێت هەوڵی دۆزینەوەی کار بۆ گەنجان بدات و خانوو و پێشینەی هاوسەریەتیان بۆ دابین بکات تاکو گەنجەکان بتوانن پرۆسەی هاوسەرگیری پێک بهێنن و بتوانن ژیان بۆ خۆیان دابین بکەن.جیاوازی لەنێوان منداڵی بەرپرس و منداڵی هەژار نەمێنێت، یاسا بۆ هەمووان وەک یەک بێت، کارەکان بە پێی توانایی کەسەکان بیت، نە بەپێی خزمایەتی و پشتگیری کردن.

ڕێکخراوەکان(NGO) دەبێت ڕاستگۆیانە لە کێشەکانی گەنجان بکۆڵنەوە و کێشەکانی گەنجان بگەیننە شوێنی مەبەست و بۆ چارەسەر کردنی کێشەی گەنجەکان هەموو هەوڵەکانی خۆیان بخەنە گەڕ.

بەهیوای ڕۆژێک گەنجەکانی ئێمە بەدڵخۆشی و نیشتمان پەروەریەوە بۆ ئاوەدان کردنەوەی خاک و نیشتمانەکەیان تێبکۆشن و جیاوازی لە نێوان گەنجەکان نەمێنێت.

**ڕێدار حەسەن**

ڕۆژی گەل
هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ئۆفیسی سلێمانی
گەڕەکی مشیراوا، نزیک گۆڕەپانی هونەر، ژمارەی تەلەفۆن
٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

ئۆفیسی هەولێر
شەقامی ئاراس پشت مزگەوتی ئەوقاف ژمارەی خانوو ١٢
ژمارەی تەلەفۆن ٠٦٦٢٥٤٨٥٨٩

ئۆفیسی کەرکوک
حەسیرەکە،
بەرانبەر نەخۆشخانەی رزگاری،
ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٧٠١٣٢٥٠٨٠

ئۆفیسی رانیە
شەقامی نالی، بەرانبەر گەراجی نەورۆز، کتێبخانەی ڕۆژی گەل
ژمارەی تەلەفۆن
٠٧٥٠١١٦٣٨٠٥

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com